نۆڤەمبەری ٢٠١٧

پەیمانگەی مێدیتریانە بۆ توێژینەوەی هەرێمایەتی- MIRS
Mediterranean Institute for Regional Studies
www.mirs.co

# دیموکراسیەت و کۆمەڵە ڕاگوزەرەکان لەسەدەی بیست و یەك

بەهرۆز جەعفەر

ئینسیستوتی مێدیتریانە بۆ توێژینەوەی هەرێمایەتی
عێراق- ئۆفیسی سلێمانی- گەڕەکی ڕزگاری- بەرانبەر یانەی وەرزشی ئاشتی
ئیمەیڵ: Info@mirs.co یان Bahroz@mirs.co
تەلەفۆن: ٠٠٩٠٥٣٣٨٦٠١٥١٤

## پێشەکی

**ڕاگوزەر ( انتقالی- Transitional ) یانی قۆناغی بازدان، لە چییەوە بۆ چی؟. لە نەریتی یەوە بۆ مۆدێرن، لە کلاسیکەوە بۆ هاوچەرخ ، لە حوکمی کەس و گروپەکانەوە بۆ حوکمی یاسا، لەڕووی دیمۆگرافیەوە نەتەوە ژێردەستەکان بەزۆری ژمارەیەکی دیاریکراویان نییە تا بازێکی دیمۆگرافی بدەن، لەباری ئابوریشەوە بەهەمان شێوە "بازدان" شێوازی جۆراوجۆری هەیە، ڕەنگە ئانو ساتی بازدان قۆناغی کەوتنێکی بەئازار بێت، بۆنمونە: ئەگەر وادابنەین ئیشتراکیەت قۆناغی ڕاگوزەرە لەنێوان شیوعیەت و سەرمایەدارییدا، ئەوە ئەبێت لەو قۆناغەدا چاوەڕێی ململانێی چینایەتی بکەین کە خاڵی لاوازی فەلسەفەی مارکسیزمە،چونکە لەوێدا ئەبێت قەناعەت بەخۆت بکەیت مێژوو ئایندەی نییە و لەخاڵێکدا ئەوەستێت کە سۆشیالیزمە.**

**لە دەیەی دووەمی سەدەی بیست و یەکداین، خەریکە دیموکراتیەت و سۆشیال دیموکراتی ئەبنە بەشێك لەڕابردوو، وەختە ناوەندەکانی دونیا تێبگەن کە " سەرمایەداریی" بەدیموکراتی ناکرێت. سەدەی بیست و یەك سەدەی پێپەڕاندنی پیشەسازیی یان پۆست پیشەسازییە ( Postindustrialization ). سەدەی چوونە ناو مۆخی سەرووەرییەکانی یەکتر و پەیوەندیگرتنی خێراو ئامێری بچوك بچوکی سەرسوڕهێنەرە، کە پێدەچێت ئاقارەکەی لەدەستو پێخستنی سەدان ملیۆن مرۆڤ بێت، سەدەی کارەساتە سروشتی یەکانە وەکو: گەرمبونی گۆی زەوی و بە بیابانبون و برسێتی و...تادوایی. دەوڵەتی نەتەوەیی و پرەنسیپی سەروەری دەوڵەت لە سوڵحی وێستڤالیا ( ١٦٤٨ ) وەە دەستی پێکردووە، هێشتا چەندین کۆمەڵەی جیاجیاو نەتەوەی بێدەوڵەت ماون، هەندێکیان داوای دەوڵەتی نەتەوەیی ئەکەن و، هەندێکیشیان ئارەزووی دیموکراتی، ئایا تیماری دەردی ئەمانە دەوڵەتی نەتەوەییە یاخود دیموکراسی ؟. ئایا ئەکرێت چاوەڕێی دیموکراسی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوین و هەرێمی کوردوستان بکەین؟. دیموکراسی چی یە؟. هەر جیاکردنەوەی دەستەڵاتەکانە و بەس ؟. بەرەڵایی میدیایی و سیاسیی و ئابورییە ؟. بۆچی دۆزی کورد بەراوورد ئەکرێت بە ئیسرائیل ؟. ئەوانەی هاواری دیموکراسی ئەکەن شایانی دیموکراسین ؟. کاریگەریی سیاسەتی نێودەوڵەتی لەسەر دیموکراتیزەکردنی کورد چی بووە ؟. هیوادارم ئەم هەوڵە بێلایەنە مەڵویەکی بچوك بخاتە سەر خەرمانەی تێگەیشتنەکانی خوێنەری کورد.**

## یەکەم: باری کوردوستان لەدوای کۆتایی هاتنی جەنگی سارد

**ساڵی ( ١٩٩١) کۆتایی جەنگی سارد ڕاگەیەنرا، بەدوایدا ( ١٦ ) وولآت لەیەکێتی سۆڤیەت جیابونەوەو سەربەخۆیی خۆیان ڕاگەیاند، پەیمانی (وارشۆ) وەك سیستەمێکی بەرگریی لە بلۆکی سۆڤیەت هەڵوەشایەوە، هەر لەو میانەیەدا ساڵی ( ١٩٨٩) دیواری بەرلین ڕووخا. ئینجا جەنگی کەنداوی دووەم کۆتایی پێهات، لە سۆنگەی ڕێککەوتننامەی کامپ داڤید (١٩٧٨-١٩٧٩) و کۆنگرەی مەدریدی ساڵی ( ١٩٩١ ) وەە ئاشتی دووقۆڵی و دواتریش سەرەتای پەیوەندیی لەنێوان عەرەب و ئیسرائیلدا هاتە ئاراوە و، جیهان کرانەوەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی [١]، جیهانگیریی بەهەموو مانا کەلتوریی و ئابوریی و هزریی و سیاسییەکانیەوە چووە هەموو کونجێکی ئەم دونیایەوە.**

**لەگەڵ ئەوەشدا، بۆشاییەکی سیاسیی بەتایبەت لەناوچەی ئاسیادا دروست بو، ئەمەشیان بوو بە هۆی تەشەنەکردنی دیاردەی ئیسلامی سیاسیی وەکو "ئیخوانولموسلمین" لەناوچەکەداو لەهەندێ وڵات کە سیستەمی عیلمانیان هەیە، ئیسلامیەکان هاتنە سەر دەستەلات. وەکو هاتنی نەجمەدین ئەربەکان ساڵی (١٩٩٦) بو بە سەرۆکوەزیرانی تورکیا. پاشانیش حزبی دادوگەشەپێدان، ئیخوان لەمیسر، نەهزە لەتونس، بەشێکی توندڕەوی ئەمانەش لە قاعیدەو ڕێکخراوە تیرۆریستیەکانی جیهاندا جێگیربون. ئیسلامی سیاسی دەستی گەیشتە (٨٠)ووڵاتی ئەم جیهانە[٢]. کاتێکیش (١١ی سێپتەمبەر) ڕوویدا . تێکڕا خۆرئاوا دەستیان کرد بە: پیاچونەوەی ماناکانی دیموکراسی و " چەسپاندنی ئاشتی بە ڕێگەی هێز" و، پۆلێن کردنی گروپە ئیسلامیەکان لە خۆرهەلاتی ناوەڕاست.**

**لەواقیعدا کۆتایی هاتنی جەنگی سارد، دەرئەنجامی شەڕێکی ڕاستەقینە نەبوو لەنێوان دوو زلهێزی جیهانی دا کە ویلایەتە یەکگرتوەکان و یەکێتی سۆڤیەتن، بەڵکو گۆڕانکارییەکی ئاشتی یانەو لەهەمان کاتدا شۆڕشگێڕانەش بوو لەیەکێتی سۆڤیەت و سیستەمی ئیشتراکیدا. وەك چۆن هەرەسی سۆڤیەتیش دەرەنجامی تێکچونی بالآنسی هێز نەبو لەڕووی سەربازییەوە، بەڵکو پەککەوتنێکی ئابوریانە بوو.**

**کوردیش لەناو ئەو ڕووداوانەی سەرەوەدا بێبەش نییە، لە (ئازاری ١٩٩١) دا ڕاپەڕینی جەماوەریی دژی ڕژێمی بەعس کردو، هێڵی (٣٦) بۆ دیاریکراو، ئەنجومەنی نوێنەران و حکومەتی هەرێمی کوردوستانی دروستکرد. هەر لەسەرەتاوە (١٩٩١) ەوە تا ئەم چرکەساتە (٢٠١٦) لە نێو دەنگوباس و تەکبیری شارەزایان و ستراتیجیستەکاندا، دوو ئەجێندەی پێچەوانە بۆ کورد بۆ دیاریکراوە، تا لەئایندەدا کاری لەسەربکات:**

**یەکەمیان: ئەڵێت کورد پێویستە پرۆڤە لەسەر دیموکراتیزەکردنی خۆی بکاتەوەو، وەك یەکەیەکی بێلایەن خۆی نیشان بدات لەم ئاگرەی کە لەجیهان و ناوچەکەدا هەڵگیرساوە، چونکە تا ئێستا دیموکراسیەت باشترین فۆڕمی سیستەمە سیاسیەکان و وێنەی پێشکەوتنە. بەو پێیەی هەڵکەوتەی جوگرافی کوردستان واخوڵقاوە کە دراوسێکانی بەهێزن، ئەمەش بەزیانی کورد شکاوەتەوە، ئەگەر کورد ئیش لەسەر خۆپڕچەککردن و گەمەو مەشقی سەربازی بکاتەوە، ئەوا دراوسێکانی ئەکەونە گومانەوەو سنورەکان دائەخەن و...تادوایی. بۆیە باش وایە کورد بەتۆزی خۆیەوە دابنیشێت و فێری ژیانی مەدەنی و دیموکراسی بێت. تا هەموو لایەك پەنجەی ئاسایش و ئارامی و شارستانی بۆ درێژ بکەن.**

**دووەمیان: نەخێر. کورد پێویستە ستراتیژێکی سەربازی و نیشتمانی قووڵ دابڕێژێت، کۆڵەگەی سەربازییش زۆرکات ڕاوبۆچونی جیاواز و ئازاد ناخوازێت، چونکە پێویستی بەیەك دەست و یەك بڕیارە. بۆیە لەسیاسەتیشدا دیموکراسیەت و سەرکزی و مەدەنیەت نەماوە، بەڵکو ماکیاڤیللی ووتی" ڕێکەوتن بکە بۆماوەیەك، دوایی زانیت لەبەرژەوەندیت نییە، بیشکێنە"[٣]. بەمانایەکی گۆڕانکارییە تەکنۆلۆژیی و ئابوریی و فێرخوازییەکان ئەوەندە خێران، کورد فریای فەتحکردنی ناوەوە ناکەوێت، هەر تۆزێك چەپو پینەو چاکسازیی تیابکات و، خەریکی دەرەوە**

بێت. بەڵکو کەشتیەکەی لەنگەر بگرێت!. بەبێ هۆ نییە سیاسەت سێ بەشی بریتی یە لە (هێز). ئەبێت بە دوای تیۆر و ماناکانی هێزدا بگەڕێین. بۆ ئەمەش نمونەی لۆژیکی لە مێژووی خەباتی رزگاریخوازی کورددا هەیە، هەرکاتێك دەسەڵاتە یەکلەدوای یەکەکانی بەعس لاواز بوون، لەگەڵ کورد دانیشتوون، کەبەهێز بوون لێیان داوە. ئایا کورد بەهێزبونی شیعە لەعێراقدا بەترس نازانێت لەسەر خۆی..؟. ولاّتێکی وەك ئێران لەسەر میراتی شارستانیەتێکی گەورەو گرانە کوامە دیموکراسیەکەیەتی ؟. دیپلۆماسیەت و دەستوەردانی لەدەرەوە هەیەو سەرکوتکردنیش لەناوەوە.

## دووەم: دیموکراسیەت و بنەماکانی

دیموکراسیەت لەسەر سێ دینگە ڕاوەستاوە، یەك: ماف و ئازادییە گشتیەکان، دوو: هەڵبژاردنێکی بێ خەوش، سێ: سەربەخۆیی قەزا (دادگا)[٤]. ئایا چوونە بەردەم سندوقەکانی دەنگدان مانای بونی دیموکراسی ئەگەیەنێت؟. بەشێوەیەکی تر پرسیارەکە دابڕێژینەوە، دیموکراسیەت یانی چی؟. حوکمی گەل؟ لە چ شوێنێکی ئەم جیهانەدا هەیە گەل حوکم بکات؟. بەم پێیە ئەگەینە ئەو ئەنجامەی ئەو سێ بنەما سەرەکیە تەنها بۆ لە سنوردانان لەبەردەم حەزی دەستەلاّتگەراکان تا بەرەو خراپەکاریی نەڕۆن و، لەچوارچێوەی موئەسەسات لانەدەن. ئەها تا ئێستا دەوڵەتێکی دیموکراسی نییە فاشیزم و چەوسێنەر بێت. وە هیچ هێزێکی ئایدۆلۆژیی و ئیسلامیش نابینی دیموکراسی بێت " مەگەر بۆ تاکتیك و کلاوات باسی بکات" بۆ نمونە: لە تورکیا ترس لە ئەردۆگان ترسە لە ئیسلامگەرا لە فۆرمێکی تردا، کە " موئەسەسات" ڕەت ئەکاتەوە، ڕەتکردنەوەی موئەسەسات یانی چی خۆم بمەوێ ئەوە ئەکەم.

یەکێك ئە پرسێت: ئەوە نییە ئیسرائیل دەوڵەتێکی ئاینی یەو، دیموکراسی و گەکردووە؟. وەڵامەکەی لە تەوەری چوارەم و پێنجەمدا دەست ئەکەوێت.

## سێهەم: پەیوەندی نێوان دەنگدەرو پاڵێوراو

بە پێی دیموکراسی گەل خاوەنی دەسەڵاتە. دواتر کە دەنگدەر دەسەڵات هەڵدەبژێرێ ئەمانیش یاسا دروستدەکەن. بەلاّم ئایا لەڕووی تیۆرییەوە کتومت ئەو دەسەڵاتە هی خەڵکە؟. ئایا دوای پرۆسەکە گەل بەخاوەنی دەسەڵات دەمێنێتەوە؟.

لەڕاستیدا، بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە چەند بیردۆزێك لەئارادایە. بۆ نمونە فەرەنسیەکان پێیانوایە گەل خۆی خاوەنی دەسەڵاتە، دەسەڵاتەکەش لەرێی هەڵبژاردنەوە دەبەخشێ بە پەرلەمانتارێك. کە وەك پەیوەندی نێوان وەکیل و موەکیل وایە (وەکیل پەرلەمانتارەو موەکیل دەنگدەرەکانن). بەلاّم پرسیارەکەمان ئەوەیە ئەگەر وەکیل دەسەڵاتەکەی

**خراپ بەکارهێنا، یان گوێڕایەڵی گەل کە موکیلە نەبوو، ئایا دەتوانرێت دەسەڵاتی لێوەربگیرێتەوە؟. لەسەر ئەمەش دیسان دوو بۆچون هەیە:**

**یەکەمیان سەروەری نەتەوە (سیادە الامە) دەسە پێنێ، پێیوایە ئەوانە نوێنەری نەتەوەن، بۆیە ناتوانرێت لابرێن، چونکە دەنگدان و خۆپالاوتن قەیدو مەرجی لەسەر بووە. دووەمیان: پێیوایە هیچ قەیدو شەرتێك لەم كارەدا نییەو نوێنەر نوێنەری گەلەو دەتوانرێت دەسەڵاتی لێوەربگیرێتەوە. هەر لەسەر ئەم پرسە سەرەکییە گەلێك زاناو پایەداری جیهانی و ئیقلیمی خاوەنی ڕای تایبەتی خۆیانن. بۆ نمونە (لیۆن دۆگی) زانایەکی فەڕەنسییە دەڵێت (ئەم پەیوەندییە پێویستی بە پشت بەستنی کۆمەڵایەتی هەیە). لای ئەم هەمیشە لایەنێك كارێك پێشكەشدەكات و لایەنێكی تر وەریدەگرێت. هەروەها (د.مونزیر شاوی) کە یاساو دەستورناسێکی گەورەیە، پێشووتریش ڕاوێژکاری بەعسییەکان بووە پێیوایە: هەڵبژاردن بریتیە لە (تەولیە). بەم مانایە دەوڵەت لەهەموو حاڵەتێکدا هەر دەسەڵاتەو باشوایە گەل ڕازی بێت بەو حوکمە [٥]. لەڕاستیدا ئەمانە تێکڕایان بەندن لەسەر: سیستەمەکانی هەڵبژاردن و چۆنیەتی دەنگدان و ئاستی هۆشیاری دەنگدەران. چونکە دیموکراسی تەنها کاتێك بەرپائەبێت کە هاونیشتمانی ئەکتیڤ بێت.**

**"کارل پۆپەر" (١٩٠٢-١٩٠٤) لەبارەی دیموکراسیەوە، بابەتێکی گرنگ لاقە ئەکات، لایوایە گەورەترین فێڵ ئەوەیە خەڵك وا تێبگەن کە دیموکراسی بریتی یە لەحوکمی خەڵك (بەقسەی قۆڕ وەسفی ئەکات)، چونکە گەل لەهیچ شوێنێك حوکم ناکەن و دەسەڵاتیان نییە. ئەگەر گریمان خەڵکیش حوکم بکەن دەی فەلسەفەی دیموکراسی بەتاڵ ئەبێتەوە، زۆرینە کەمینە ئەچەوسێنێتەوە، لەبەرئەوەی دیموکراسیش بریتی یە لەحوکمی زۆرینەیەك کە ڕێز لەمافی کەمینەیەك بگرێت، کەواتە دیموکراسی نییە [٦]. ئەگەر پێچەوانەکەشی بە نمونە وەربگرین: لەسوریا شیعەو عەلەویەکان لە کەم کەمترن (قلە قلیلا) بەلام عەیامێکی زۆرە زۆرینەکان ئەچەوسێننەوە، لەزۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا بەناوی دەنگدان و دیموکراسیەتەوە، کەمینەیەك ستەم بەرامبەر زۆرینەی گەل ئەکات.**

## چوارەم: جوولەکەکان دیموکراسیەتیان لە بیر نە کرد !.

**لەواقیعدا، ئەوەی ئیسرائیلی پێش خست و جولەکەکانی دونیای کۆکردەوە، پێش دیموکراسیەت دەوڵەتی نەتەوەیی بو، ئەو مرۆڤە خوێنەوارو ڕاقییانە بون کە لەئەوروپاوە هاتنەوە بۆ زێدی باوباپیرانیان، بە پێچەوانەی قەدەری کوردەوە کە شۆڕشگێڕەکانی دوای (٢٠٠٠) ساڵ لەشاخەکانەوە هاتنەوە بۆ شارەکان.. کورد لە (٢٥٥پ. میلادەوە تا ٢٠١٦) هەر بەتەنها سەرنەبڕدراون، بەڵکو شانە پێکهێنەرەکانی ناو کۆمەڵگەکەشی لەوتێنراوە، سیستەمی بەرگریی لەم جەستەیەدا زۆر لاوازە یان نییە. دەوڵەت یانی کیان یانی چوارچێوەیەکی دەستوریی و سیاسیی و ئابوریی و**

**نێودەوڵەتی و جوگرافی و کلتوریی و مێژوویی. کە ئەم چوارچێوە گرنگە نەبو دیموکراسیەت لەکوێوە ئەهێنی؟. ئایا مەرەزە لە شوێنێکدا ئەکرێت ئاوی لێ نەبێت؟.**

**زەرورەتی دیموکراسیەت دەوڵەتێکی بۆ جولەکەکان بەرهەم نەهێنا، بەڵکو بەرئەنجامی هێز و شارستانیەت بو. ساڵی ( ٢٠٠٩ ) لە کۆنفرانسی ئابوریی داڤۆس سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل " شیمون پیرێز" ڕوویکردە ئەرۆدگان و وتی: "دیموکراسیەت بریتی یە لەشارستانیەت" [٧]. پێش بیری دیموکراسی و نوسینەوەی دەستور، بە ئومێدی دروستکردنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی چەندین ڕێکخراوی وەك " هاگانا" کاری ژێرزەمینی و دەریاییان ئەکرد، کە ئێستا " مۆساد" درێژکراوەی ئەوانەیە. ئیشیان لەسەر کۆکردنەوەی زانیاری و ڕاپۆرت بو سەبارەت بە فەلەستین لەڕووی : ئاو، ژمارەی دانیشتوانی، پێگەو هەڵکەوتەی جوگرافی و...هتد.. ئەها شکاندنی ئیمپراتۆریەتی فارسەکان بە زەبری هێزە نەریتی یەکانی کورد بو نەك خودی عوسمانیەکان. پەکەکە لەباکورو ڕۆژئاوای کوردوستان هێزێکی ئایدۆلۆژیی چەکدارە بە بیری ڕۆشن و هێزو تاکتیکی سەربازیی گەشەی کردووە یان بە دیموکراسی ؟. ڕێکخراوی ئازادیخوازیی فەلەستین ( PLO ) بەچی ئیسرائیلی هەراسانکردووە ؟.**

**بەپێچەوانەی هەموو وڵاتانی دونیاوە، فرە حزبی بۆ سیستەمی ئیسرائیلی بۆتە حاڵەتێکی شاز.؟. لە ڕووبەرێکی بچوکدا کە وڵاتەکەیان کە ( ٢٠٧٠٠ ) کیلۆمەتر چوارگۆشەیە " بەقەد ڕووبەری پارێزگای سولەیمانی نابێت" ، لەسەر لم گەورەترین وڵاتی کشتوکاڵیان دروستکردووە، بەبەردەوامی زیاد لە ( ١ ) ملیار دوژمنیان هەمیشەیی یان هەبوە، ئەڵەمانەکان دژیان بون، ئینگلیزەکان ڕاستبو بەڵێنی بەلفۆڕیان ڕاگەیاند، بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی جولەکە لەسەر خاکی فەلەستین، بەڵام دواتر دژیان بون، ئینجا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە دیموکراسیەت ڕووەکێکە تیایدا ناڕوێت، جولەکەکان لەدامەزراندنی وڵاتەکەیان دا، جگە لەئەرکە هەستیارەکان، دیموکراسیەت و فرەحزبی و فرە ڕەنگیان بۆ ناوخۆی خۆیان لە یاد نەکردووە. وە نەبێت فرە حزبی دەنگە دەنگ و سەرئێشەی نێوخۆیی دروست نەکردبێت، بەڵکو لێکترازان و جیابونەوەو دروستبونی حزبی نوێ بەشێکە لە تایبەتمەندی حزبی ئیسرائیلی، ململانێ و کێبرکێی حزبەکان بۆ گەیشتن بە دەستەڵات، لەکاتی نزیکبونەوەی هەڵبژاردنی کەنیسەت ( پەرلەمان ) ی ئیسرائیلی، ئەبێتە هۆی سەرهەڵدانی تەکەتولات و ئینشقاقاتی حزبی و، پێکهێنانی حزبی نوێ .هەروەکو "ئارئێل شارون " هەستا بە دامەزراندنی حزبی " کادیما" لەساڵی ( ٢٠٠٥ ) پێش هەڵبژاردنی کەنیسەتی ئیسرائیلی لە ( ٢٠٠٦ ) دا .**

**لە مێژووی هاوچەرخ دا، حزبە سیاسییەکان لەهەر دەوڵەتێك لە دەوڵەتەکان بن، کاریگەرییان لەسەر سروشتی سیاسیی و یاسایی ناو سیستمە سیاسیەکە هەیە، هەروەکو جۆری سیستمە حزبیەکەی کە لەدەوڵەتێکی دیاریکراودا جێبەجێ ئەکرێت کاریگەری لەسەر هەیکەلی سیستەمە سیاسیەکە هەیە، بەتایبەتیش لەسەر بونیادی دەستوریی وڵاتەکە کاریگەریی خۆی ئەخات، هەروەها کاریگەریی لە وێناکردن و ئیدارەی سیاسەتی دەرەکی و ناوخۆیی دەوڵەت هەیە.**

بۆخۆی دروستبونی دەوڵەتی ئیسرائیل لە ساڵی (١٩٤٨) بەرئەنجامی بزوتنەوەیەکی دینی و سەهیۆنیە، جیاواز لە پێکهاتەی حزبە سیاسیەکان لە دیموکراتیەتی خۆرئاوایی دا، کە پەرلەمان و هەڵبژاردن یاخود فاکتەری دەرەکی بنەمای دروستبونیانە. کەچی ببینە حزبەکان لە ئیسرائیلدا بە پێی پرەنسیپ و ئاراستەی سیاسییان بۆ (٥) جۆری جیاواز پۆلێن کراون:

١- حزبی کرێکاران
٢- حزبە پارێزگارەکان (موحافزکارەکان)
٣- حزبە دینیەکان
٤- حزبە مارکسیەکان
٥- حزبە عەرەبیەکان[٨]

## پێنجەم: دیموکراسیەت و شارستانیەت

بە پێی لێکۆڵینەوەیەك، کەساڵی (١٦٩٤) بۆ ئەو جولەکانە کراوە لە فرانکفۆرت ئەژین، (٧٠٪) یان خەریکی بازرگانین، بەتایبەتی خەریکی بانکداری و ئاڵوگۆڕی پارەدارین. (١٠-١٥٪) خەریکی کاری تایبەتن، ئەوکارانەی پەیوەستە بەخودی یەهودیەتەوە، ئەودواکەشیان سەرقاڵی کشتوکاڵن [٩].. پرسیارەکە ئەوەیە تۆی کورد لەساڵی (١٦٩٤) خەریکی چی بووی لە دونیادا؟ (هیچ). مێژووی یەهود لە ئیمپراتۆریەتی بابلەوە بۆ دامەزراندنی دەوڵەت، مێژووی کەمینەیەك بووە، بەڵام هێزێکی سیحریان لە پێکەوەنانی ناسنامەو هوشیاری نیشتمانی دا بەکارهێناوە، ساڵی (١١٩٧) لاتیران کونسیلی –Lateran konsili بڕیارێك دەرئەکات کە: کەنیسە لەهەر مەسیحیەك حەرامە ئەگەر بۆ تەنها ڕۆژێکیش لەگەڵ جوولەکەدا ژیابێت یان کاری کردبێت.

شارستانیەت لەگەڵ فەرهەنگ " سەقافەت– Culture" دا دوو ڕووی دراوێکن، یەکەمیان هەڵگرەکەی کۆمەڵگەیەو، دووەمیان تاك هەڵگریەتی، شارستانیەت هێزێکی ماددییە (هێزی بوون) ە. هەییەت بە کۆمەڵگە ئەبەخشێت کە سیستەمی سیاسیی و ئابوریی و کەلتوریبان بەشێوازێکی پتەو دابرێژنەوە..

یەهود، لە ڕووی تیۆرییەوە، بە پێی پەروەردەی ئاینییان کە "تەورات"ە ، وا ئەڕواننە خۆیان ،کە: کۆمەڵگەیەکی ئیتنی جیاواز و هەڵبژێردراون ، کەسانی ڕاقین و بەهای تاکی یەهودی زۆر گرانترە لەوانی تر، بە تایبەت خودا ئەوانی ناردووە بۆ ئەوەی جیهان بەڕێوە ببەن، ئەمەش ئەو تۆخمە سەرەکیەیە کە پێکهاتەی کەسێتی کۆمەڵگەی یەهودیی دیاری ئەکات، کە لە تەوراتدا بە " گەلێکی هەڵبژێردراو لەلایەن خوداوە– شعب الله مختار" ناسراوە . ئەم سایکۆلۆجیەتەش پاڵی پێوە ناون کە بەدەوری سێ ئامانجی سەرەکی دا بسوڕێنەوە:

پاراستنی کیانەکەیان لە نێوەندی ئەو هەموو کۆمەڵگە جیاوازەدا،کە بەجۆرێکی تر پێوەر بۆ سیاسەتەکانیان دابنەن.. وە پێکهێنانی هێزێك کە لەهەرکاتێکدا بۆ جوڵاندن بشێت تا ڕووبەڕوبونەوەی مەترسیی و ئەگەرەکان ببێتەوە.. ئینجا

بەکارهێنانی ئەم هێزە بۆ خزمەتی هەموو ئەو مانایانەی کە چەمکی " شعب الله مختار" لەخۆی ئەگرێت .. جێبەجێکردنی ئەو سێ هەنگاوە واتای بەدەستهێنانی شەرعیەتی تەواوە بۆ کۆمەڵگەی یەهودیی و دیدگایان بۆ جیهان(١٠).

بە پێی رای " پرۆفیسۆر، ئەحمەد داود ئۆغلۆ" لە کتێبی " قووڵایی ستراتیژیی" دا، ئەگەر سەرنج بدەین، ئیسرائیل بەشێکە لە ئەمریکا بە مانایەکی ستراتیژیی، وە بەشێکە لە ئەوروپا بە مانایەکی کەلتوریی و رۆشنبیریی، بەمانا دینیەکەشی بەشێکە لەخودی خۆی، کە ئەیەوێت وەك یەکەیەکی بنەڕەتی خۆی فەرز بکات بەسەر ئەوانی تردا (١١) .

بە پێچەوانەوە کورد بەمانا دینیەکەی بەشێکی فەرامۆشکراوی لە نیمچەدوورگەی عەرەبیە، بەشێوەیەکی ستراتیجی بەشێکی چاوتێ بڕدراوە لە تورکیاو ئێران و عێراق. فەرهەنگیشی لێ سەنراوە، واتە " سەر" ی نییە و بەلاشەیەکی بێ سەرەوە لەو گۆڕەپانە ئەگەڕێت.

## شەشەم: دیموکراسیەت و ئابوریی (دیموکراسیەتی نەوتی)

جیهانی خۆرهەڵاتی، بیانوی جۆراوجۆری هەیە بۆ ئەوەی خۆی دیموکراتیزە بکات. یەکێك لەو هۆکارانە ئەوەیە، ئەڵێن: دیموکراتیەت مەرجێکی سەرەکیە بۆ گەشەپێدانی ئابوریی و بوژانەوەی بازاڕ. ئەمە لەکاتێکدایە هەر ئەکادیمیستێکی بێلایەن خۆی نەخەڵەتێنێت، ئەزانێت پێش گەیشتن بە بوژانەوەی بازاڕ و پیاسەکردن لەکەنارەکانی دیموکراتی، پێویستە تۆ هێزێکی مۆدێرن بیت، مەسەلەن: ئۆزاڵ کەسێتیەکی موسڵمان بو، هاوسۆزیی حزبە ئیسلامیەکانیش بو، لەمزگەوتەکان نوێژی ئەکرد، کەچی شەوانە لەگەڵ وەبەرهێنە بیانیەکان ویسکی ئەخواردەوە. نیۆ-لیبراڵ بو، ئەوەش وای کرد دەرگای خۆرئاوا لەتورکیا بکاتەوە. یان هێزی گەشەکردنی ئابوریی لە قەتەر: لەبەرئەوەیە شەڕی تایەفی تیانییەو، گەورەترین دەستگەی ئیعلامی و توێژینەوە " جەزیرە" ی هەیە، سیستەمەکەشی خێڵەکیەکی مۆدێرنە، کێبڕکێی هێزە ناوەنجیەکانی جیهان ئەکات، لەکاتێکدا ڕووبەرەکەی هێندەی گەرەکێکی تاران شتێ زیاترە.

ئەگەر گەشەکردنی ئابوریی بۆ خۆرئاوا ناوی " دیموکراتیەتی ئابوریی" بێت، ئەوا لەزۆربەی وڵاتانی ئاسیاو خۆرهەڵاتدا " ئیمپریالیەتی ئابوریی" هەیە. دیموکراتیەتی ئابوریی بەپێی لیبراڵیە کلاسیکیەکان ئەوەیە: کە ئامرازەکانی بەرهەمهێنان (وسائل االانتاج) بەدەست تاکەکان و کۆمپانیاکانەوە بن، بەمەش موڵکیەتی تایبەت و ئازادییە ئابورییەکان دەست پێ ئەکات و ئەمەش بۆخۆی دیموکراتیەتی ئابورییە. ئیمرۆکە لەسەردەمی ئابوریی نوێدا بۆخۆی ئەو جۆرە دیموکراسیەتە کەوتۆتە بەرپرسیار:

- یانی تۆ ئەبێت موڵکیەت و بەرژەوەندیی گشتی بخەیتە بەر قازانجی تایبەتی هەندێ کەس ؟.
- مرۆڤ ناتوانێ " سەرمایەداریی" دیموکراتیزە بکات .؟!

- بەکاربەر (مستهلك) لە سیستەمی سەرمایەداریدا بەشداری ناکات لە بەڕێوەبردنی کۆمپانیاکان دا، یاخود مافی دەستوەردان و تەحەکومکردنی بەسەر قازانجی وەدەستهاتوو و دەموەردانی لەئامرازەکانی وەبەرهێنان و دیاریکردنی خاوەنداریێتیەکاندا نییە ؟.

چاوەڕوانی دیموکراسی ئەکەیت!. لەکۆتایی (٢٠١٥) ئۆکسفام لێکۆڵینەوەیەکی بلاوکردەوە، کە (١٪) ی دەوڵەمەندەکانی خەڵکی سەر زەوی بەمزوانە زیاتر لە نیوەی سامانی دونیایان بەدەستەوە ئەبێت [١٢].

بۆیە، ئێمە پێش باسکردنی سیستەمە نەوتیەکانی کۆی جیهانی خۆرهەلاتی و ئەمریکای لاتین و ئەفریکا بکەین، هاتین خودی ئایندەی دیموکراسیەت و سیستەمی سەرمایەداریی مان خستە ژێر پرسیارەوە. لەکاتێکدا ئەم ڕێگەیە لەسەرچاوەکەی خۆیەوە لە دوای (١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١) وە خراوەتە بەرگومان و پرسیارەوە. لەلایەك، لەلایەکی تریش ئابوریی نەوتی مەگەر بە قانونێك یاخود فشارێکی مەدەنی، بەهیچ جۆرێك چاوەڕوانی دیموکراتیزەکردنی لێ ناکرێت بەتایبەتی لە کوردوستان. چونکە سیستەمەکە ڕاگوزەرە، کۆمەڵگەکە مۆدێرن نییە، ئاین زاڵە، ڕاچڵەکانێکی دونیایی و زانستی نییە. بۆیە ئەبینیت "قۆرخکردن" و " بەرەڵایی بازاڕ" یان ناوناوە ئازادی بازاڕ!. بە ئەنجامیش دیموکراسیەت ئەوجۆرە ئابورییە پەسەند ناکات، چونکە ئەوە ڕێسایە " لەهەر کۆمەڵگەیەکدا چینی ناوەڕاست زۆر بوون، ئەوە کۆمەڵگەیەکی بەختەوەر یان دیموکراتی ڕاستەقینەیە". بەلام لە هەرێمی کوردوستان و ناوچەکە بەگشتی ئەوانەی لە کەم کەمتریشن پایەداری ئابیوریین، و چینی خوارەوەش ڕێژەکەی زۆر زیاترە.

## حەوتەم: دیموکراسیەت و پاشخان

ئادەی ئەم حکومەتە دیموکراسی نییە؟. ئادەی ئێمە دیموکراسیمان ئەوێ؟. ئادەی با بڕوخێ ئەو دەستەلاتە؟. ئەی چۆن هێزە ئیسلامیەکان و ئۆپۆزسیۆنە بێ مەعریفەکان بێن؟. لەواقیعدا کوردوستان پێش هەرشت پێویستی بەدادگایی کردنی ئەو لەشکرە لە مرۆڤی قسەکەر هەیە. پێش لێپرسینەوە لە کەناڵی ڕووداو پێویستی پرسینەوە هەیە لە " ئێن ئارتی" چونکە ئەو هەوڵێکە بۆ کوشتنی قسەی جددیی و، یەکێکە لەگریمانەکانی ئەو دنیای سەرمایەدارییە، بۆخۆشی لەگەڵ مەڕەکان ئاو ئەخوات !.

یانی چی دیموکراتیزەکردن (Dimocratization)، یانی مۆدێرن بون، مۆدێرن بون یانی ڕێنیسانس و ڕیفۆرمی ئاینی و بەزانستی بون (عەلمەنەکردنی سیستەمی کۆمەلایەتی و سیاسیی و ئابوریی)، هەموو ئەوانەش یانی ئەورووپایی بون (اوربە-Europeanization). هەندێك کەس وائەزانن دیموکراسی هەرجیاکردنەوەی دەستەلاتەکانە کە مۆنتیسکۆ باسی کردووە، بەپێچەوانەوە دیموکراسیەت لە یۆنانی کۆنەوە هەزاران هەورازو نشێوی پێویست بووە، تا گەیشتووە بەم قۆناغەی ئێستای مرۆڤایەتی. لەڕۆژهەلاتدا بیرۆکەکان بوون بە پێغەمبەر و ئاینەکانی تیا هەڵکەوتووە، ناونراوە " ئەرزی ریسالات". لەڕۆژئاواش فەیلەسوف هاتونەتە دونیاوە. یەکەمیان پرسیارو گومان ئەخنکێنێ، دووەمیان برەوی پێ ئەدات.

ڕۆشنبیرە کانی کورد لە سەدەی ( ٢١ ) دا، یان دابەشبون بەسەر کوتلەو حزب و کۆمپانیاکاندا، خەریکی مەعمەعەی سواوی فەیسبوك و نێوخۆیین، کە بۆشاییە ئەقڵیەکە ئەوەندە زۆرە سەلەفیەت هاتۆتە بەرهەم.. لەسەدەی ١٧ و ١٨ هەژدەدا لە ئۆروپا دەیەها زاستی تازەو داهێنانی ئەقڵی گەورە کرا، تەنانەت فەلاسیفەکانی ڕۆشنگەریی خۆیان خویندنیان لە " بیرکاریی" دا ئەکرد وەکو ڤۆڵتێر، تویکارزانی ( Anatomy ) و زانستی کیمیایی و ئەندامی یان شیئەکردەوە وەکو : دێریدا. ڕۆسۆ زانستی ڕووەکیشی خوێندووەو تیاقووڵ بۆتەوە، بەو شێوەیە ڕۆشنگەریی و زانست تەرجەمەکراوەتە سەر سیاسەت و باری کۆمەڵایەتی [١٢]. ئەوەیە پاشخانێکی مەعریفی و زانستی، بە پێچەوانەی کوردوستان تازە بەتازە کلاوێکی سپی ئەکەنە سەر مناڵەکان و ڕەوانەی بەردەست دیزداشە لەبەرەکانیان ئەکەن، تازە بەتازە میزو کلینیکس بەناوی چارەسەری نەخۆشیەوە دەرخواردی خەڵك ئەدەن . **لەبنچینەدا مەعریفەیەك نییە مرۆڤی کورد سەرقاڵ بکات، جگە لەقسەکردن لەسەر یەکتری. بۆیە ئەبینیت عێراق کەهیچ مانایەکی ئابوریی و سیاسیی و مرۆیی و سەرومریشی بۆنەماوەتەوە، هێشتا بە ملیۆنان مرۆڤ لە چرکەساتێکدا دێنە سەرشەقامەکان، چونکە شیعە فەرهەنگێکە بۆخۆی لە پشت ئەم ئاڕاستەکردنانەوە.**

## هەشتەم: دیموکراسیەت و قۆناغی ڕزگاریخوازیی نیشتمانی

پەرلەمانتارێکی بزوتنەوەی گۆڕان لەناوجەرگەی هەولێر، لەسەر شاشەی حزبی دەستەڵاتدار بە سەرۆکی پارتی " بارزانی" ئەڵێت: لەگەڵ قەزافی هیچ جیاوازییەکت نییە، لەناو پەرلەماندا ئەڵێن " سەدام شەریفتر بو"!. ئەگەر خۆمان فریونەدەین لەواقیعدا ئەوە دیموکراسیەتە ڕێگەی بەوانە داوە لە قۆناغێکی هەستیاری نیشتمانی دا، بەو تۆنە قسەبکەن. ئەوە هەوڵدان بۆ گەیشتنە بە دیموکراسیەت و، قۆناغی ڕاگوزەرە، کە ئەم بونەوەرە جۆراوجۆرانە تێکەڵ بە پەرلەمان و سەحافەو سەقافە ئەکات و، وەك ژەهر بەکۆمەڵگەدا ئەڕژێن. بەمانایەکی تر ئەوە دیموکراسیەتی پارتی و یەکێتیە کە مەلایەك لەحزبێکی ئیسلامی توانای چوونە پەرلەمانی هەیەو، داوای گۆڕینی سرودی ئەی ڕەقیب ئەکات !. ئەوە دیموکراسیەتە کە شەو و ڕۆژ ئەو کۆمەڵگەیە هەللا هەللا کراوە، لە جنێو و تەشهیر و تانەو پەلاماری کەسێتی دا حەوقی خواردۆتەوە. ئەوە دیموکراسیەتە ڕەگی کوردبونی سڕیوەتەوە و، یەکێك لای ئیخوانەو، ئەویان لە زومرەی بەعسی و فایلدارەکانە، ئەمیان لای ئیتلاعاتەوە دێتەوە، ئەوەکانی تریش لای تورکیاو، باقیەکەشی بێ سەر و سەودا لەوناوە ئەگەڕێت و قسەی بەلاش ئەکات.

بە پێی هەلومەرجەکانی قۆناغی ڕزگاریخوازیی نیشتمانی، ئەو کەسانە نەك نابێت ئازادانە بسوڕێنەوە، بەڵکو لەهەر ولاتێك کە گروپێکی ڕاسیستی تیابێت زمانی ئەوانە ئەبڕدرێت، لە چ ولاتێکی شەرقی دا بەقەد کوردوستان ئازادی ووتن هەیە ؟. دەی کێ لەسەردەمی قەزافی دا دایك ئازابو لە لیبیادا جنێو بات ؟. نە لە ئێران، نە لە تورکیا، نە لە بەغداو دیمەشق و یەمەن و سوریاو سعودییەو ...تاد. لەکوێ ئەوە هەیە ؟.

بەهەر زانایەکی ئابوریی بڵێیت: پەرلەمانتارێك وتویەتی: ئەبێت دەوڵەت پلانی ئابوریی ئاشکرا بکات، تووك بەسەر خۆیەوە ناهێڵێت ؟. پلانی ئابوریی و شەفافیەت لە داهات دا جیانەکەنەوە، هێشتا مشورێك و دوو تەکبیری جددیی نەکراوە بۆ میللەت، پەلەیەتی دوو وێنە بگرێت و بۆ دوو کەناڵ قسە بکات ؟.هەر لەخۆ وە بوون بە ڕۆشنبیر، بون بە جەریدەنووسن بریتی لە " بە پەلە ڕۆشنبیربون".هەرکەسەو سایت و دوکانێکی داناوە،بە ئارەزوو هەڵەی ڕێنوس و زمان، هەڵەی لۆژیکی و ڕۆژنامەوانی ئەکات، کاتێك دادگاش بانگی ئەکات هاوار ئەکات " دیموکراسی نییە"؟.

بەهەموو پیوەرێك ئەو دۆخەی کوردوستان، پێویستی بە شەقوەشێنێکی دادپەروەرە، تا کۆمەڵگا بخاتەوە سەرسکەی خۆی، " ئەتاتۆرك" شەقوەشێن بو، توانی تورکیا بپارێزێت، سنوری بۆ دیاری بکات، ڕیفۆرمێك لە تۆپ ەوە بۆ خوار بکات، تورك و کوردو عەلەوی و ئەرمەنی و جیهانی بێدەنگکرد، تا وڵاتەکەی گەیاندە کەناری ئارامی، لەساڵی ( ١٩٢٤ ) کۆماری تورکیای مۆدێرن دامەزرا، کەچی لەساڵی ( ١٩٦١ ) ئەنجومەتی نوسینەوەی دەستوری تازە پێکهات.

تا تەمومژی مەترسیە نێوخۆیی و دەرەکیەکان نەڕەوێنەوە کەس لەم جیهانە چاوەڕێی ئایندەی دیموکراسی نەبێت.

لە کۆتاییدا، ئەم نوسینە خۆی لەخۆیدا جگە لەشیکردنەوە، گفتوگۆ و کەنکلۆژنێکیشە، کە قۆناغی ڕزگاریخوازیی نیشتمانی و نوخبەگەرایی لەسیاسەت و فکر و نوسیندا پێویستە پێش دیموکراسیەت بکەوێت، ڕێگەی خەبات ئاوهایە: جەزائیر ملیۆنێك شەهیدی دا دیموکراسی نەهێنا، کوردوستانی باشور ڕاپەڕینی ( ١٩٩١ ) ی کرد، دیموکراسی نەهێنا. میسر لە سەعد زەغلول ( ١٩١٩ ) ەوە تا ( ٢٥ی یەنایەری ٢٠١١ ) سێ جار شۆڕشی کرد، بەلاّم دیموکراسی نەهێنا، بۆ هەر ڕووبەڕووبونەوەیەکی دەرەکیش وەك تۆپ یەکگرتون لەناوخۆیاندا، شۆڕشی ئۆکتۆبەر ( ١٩١٧ ) لە سۆڤیەت کرا، دوای ئەوە بەرپرسە کۆمۆنیستەکان بە گادیلاك و ژیانی شاهانە ئەژیان و، خەڵکی کۆمۆنیستی ڕەشورووتیش بە کیلۆمەتر بۆ نان و سەمونێك سەرەیان ئەگرت.

بەهەمان شێوە ئەوە وولاّتانی ئەوروپای باشور لە یۆنان و ئیسپانیاو ئیتاڵیاوە کە جوانترین سەرزەمینی دیموکراتین، هێشتا بەدەست قەیرانی مافیاو گەندەڵی و بانکیەوە ئەناڵێنن، بەلجیکا نمونەی دیموکراسیەتە بەلاّم لەسەر لاشەی کۆنغۆ ئەژیت لە ئەفریکای باشور، کەداگیری کردبو، تائێستاش نیوەی هێزی بەکاربەری بەلجیکی لە کۆنغۆ وەیە. کە " کۆنغۆ" ساڵی ( ١٩٦٠ ) لەدەست داگیرکەر خۆی دەرهێنا، هێشتا نەیانتوانی ئاوەدانی و دیموکراسی بەرجەستە بکەن.

دیموکراسیەت و سیستەمەکانی دونیا دۆش داماون لەبەرانبەر ئاوێتەبونی ئەوروپادا، تەنها لەهاوینی ( ٢٠١٥ ) دا بە پێی ڕاپۆرتی ( UNHCR ) زیاتر لە ( ٢٥٠٠ ) کەس لە ئاوەکانی دەریای سپی ناوەڕاستدا خنکاون، کە ویستویانە لە خۆرهەلاّت و ئەفریکاوە بەرەو خۆرئاوا کۆچ بکەن، باشوری کوردوستان خۆی نزیکەی ( ٤ ) ملیۆنە ( ٣ ) ملیۆن عەرەبی جۆراوجۆری تیادایە، لوبنان خۆی وڵاتێکی هەژارەو چەندین گرفتی ناوخۆیی هەیە کەچی ( ٢٥٪ ) ی دانیشتوانەکەی بون بە کۆچبەر و پەنابەری سوریا. لە ( ٢٠١٥ ) دا ( ٤ ) ملیۆن کۆچبەر چونەتە ئەوروپاوە. ( ٥ ) فەلەستینی لە ئوردون ئەژین کە ئەکاتە ( ٧٠٪ ) ی ژمارەی دانیشتوانی فەلەستین خۆی. دیموکراسیەت بۆچی گرفتی مرۆڤایەتی چارەسەر ناکات ؟.

## بیبلۆگرافیا:

(1). Douglas, L (2010) The United States and the Kurds: A Cold War Story, Clark University.USA. p.8.
(2).same source, p. 11.
(3). ÖZPEK, B, B. (2012): Democracy or Partition: Future Scenarios for the Kurds of Iraq. p. 128.University Economices and Technology. Ankara.

٤- محاظرات: الأستاذ "عابد خالد رسول." بجامعة التنمية البشرية،قسم العلوم السياسية. لسنة دراسية (٢٠٠٨-٢٠٠٩).

٥- مجموعة من المؤلفين: نظرية العامة في القانون الدستورى والنظام الدستوري في العراق ، طبعة الثانية، جامعة بغداد،كلية القانون، بغداد-٢٠٠٩. ص ٣٩

(6). Roy Chillds, Jr ( 1993): Karl Popper's Tthe open society and it's enemies (A Critique), Londen. See here: www.libertarian.co.uk/lapubs/polin/polin083.

(7). Brackman, H. (2011): From Ally to Nemesis: How Erdoğan's Islamists Hijacked Atatürk's Nation and Put It on A Collision Course with Israel and the U.S. Simon Wiesenthal Center.

(٨). العلوي (٢٠٠٨): الاحزاب والاثرها في رسم السياسة الاسرائيلية، مركز الدراسات الاقليمية، قسم العلوم السياسة، جامعة موصل. ص٥.

(9). Davutoğlu, A. (2010): Strategic Depth: Turkey's role in the international arena. Al Jazeera Centre for Studies. Qatar. P. 410.
(10). Same Source. P. 407--409.
(11). Same source. P. 416.
(12). Truth-out : Interview With Noam Chomsky: Is European Integration Unraveling?. Monday, 25 January 2016 00:00. see here: http://www.truth-out.org/news/item/34551-is-european-integration-unraveling-an-interview-with-noam-chomsky